ئاستەنگەکانی کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق

بڕیاری کۆتایی هێنان بە بوونی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە ڕێبەرایەتی ئەمەریکا لە عێراق هەندە ئاسان نییە کە هەندێک پێیان وایە. ئەم بڕیارە تەنها بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هێزەکانی هاوپەیمانان نییە، بەڵکو بەهۆی هۆکاری قووڵترەوەیە، لە سەرەتادا هیچ ڕێککەوتنێکی گشتی لەسەر ئەم بڕیارە نییە، هەندێک بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان وەک گەرەنتییەک بۆ ئاسایشی عێراق بە تایبەتی هەرێمی کوردستان دەبینن و بەڵگە و باوەڕیان بەو بۆچوونە هەیە، لە لایەکی ترەوە، ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق نیگەرانە لەم بڕیارە، چونکە هەندێک لە سەرکردە سوننەکان لە عێراق پێیان وایە کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان شوێن بۆ قەوارەیەکی دیکە بەجێدەهێڵێت.

هەموو شیعەکانی عێراق هاوڕا نین لەسەر ئەوەی کە ئەم بڕیارە دەخشکێرە، سەرەڕای ئەوەش، هەندێک کەس هەن کە پێیان وایە کشانەوەی ئەو هێزانە عێراق لاواز دەکات بەرامبەر هەر هێرشێکی وڵاتانی دراوسێ، سوپای عێراق چەکی نییە بۆ وەڵامدانەوەی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک، بەتایبەتی هێرشی موشەکی، تەنانەت ئامێری راداریش نییە بۆ دۆزینەوەی فڕۆکەو درۆنی دوژمنکارانە.

بەگوێرەی وتەبێژی فەرمی سوپای عێراق، تاکە ڕادەر لە بنکەی عەین ئەسەد بووە و لەلایەن چەند لایەنێکی چەکدارەوە بۆردوومان کراوە و زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە، بۆیە زۆرێک لە چاودێران نیگەرانن لەوەی

ئەو جۆرە کشانەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق لاواز بێت بەرامبەر هەر هەرشەکی وڵاتانی دراوسێ یان وڵاتانی دیکە، جا لە دەرەوە بێت یان لە ناوخۆوە.